**FLÜCHTLINGSRAT SCHLESWIG-HOLSTEIN e. V.**

کۆمەڵەی پشتیوانی وئامۆژگاری کردنی پەناھەندان

لە شلیسفیگ ھۆڵشتاین

Flüchtlingsrat S.-H. e.V., Oldenburger Str. 25 D-24143 Kiel

ناونیشان:

Oldenburger Str. 25
D - 24143 Kiel
e-Mail: office@frsh.de
Internet: www.frsh.de

Tel: 0431-735 000
Fax: 0431-736 077

**Bankverbindung**
152 870
Ev. Darlehnsgen. (Kiel)
BLZ: 210 602 37


# Informationsblatt für Menschen mit „Duldung“

ھەندێک زانیاری بۆ ئەو کەسانەی کە دولدونگیان ھەیە

مانگی تەمووزی ساڵی 2006

ڕۆژباش،

تۆ ،یان کەسێکی نزیکی تۆ ئایا دەبێ بەم زووانە بگوازیتەوە بۆ کەمپی بەکۆمەڵی پەناھەندان لە نۆیمنستەر؟

ئێمە دەمانەوێ ھەندێ زانیاری بەسوودت پێ بڵێین کەڕەنگە زۆر سوودی وەرگری!
بەڵێ کەچۆن بتوانی چاکتر داوای مافەکانی خۆت لەو کەمپە بەکۆمەڵەیە بکەی، وە وات لێبکات کەلەھیچ نەترسی و وەلەھیچ مافێکی خۆت خۆش نەبیت.

## ئایا مانای چی یە گواستنەوە بۆ ئەو کەمۆە بەکۆمەڵە؟

دەزگای کاروباری بێگانەو دائیرەی شارەوانی شاری نۆیمنستەر، دەیانەوێ بەزۆر وات لیبکەن لەخۆتەوە وولاتی ئەڵمانیا بەجێ بھێڵی، وەھەروەھا دەیانەوێ کاغەزی ھێنانی پاسەپۆرتەکەت لە سەفارەی وولاتەکەوە پێ ئیمزابکەن.

گواستنەوەت بۆ ئەو کەمپە مانای ئەوەیە، لەوانەیە ئیشەکەت لەدەست بچێ، یاخود واز لە جوێندنەکەت بھێنی، یان دوورکەویتەوە لە کەس وکارو دۆست و خۆشەویستانت.

لە نۆیمنستەرچیت چاوەڕوانە؟

ژووریکی چەند نەفەری، کاری پاک وخاوێنی دەبێت هەرخۆت بیکەی، ڕۆژانە پارەیەکی کەمت دەدرێتێ، ئەمەش تەنها هەنگاوی یەکەمە. کە تاڕادەیەک واپێزارت بکەن کەلەخێپتەوە بڵێیت، من لە خۆمەوە دەڕۆم وووڵات بەجێ دەهێڵم. بەڵێ ئەمەیە مەبەستیان لە چوونت یان بردنت بۆ ئەو جێگەیە.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەوێ نابێتە زیندانێک بۆ تۆ بەڵکو بافی دەرچوونت دەبێت، مافی سەردانی خەڵکانێک بۆلات دەبێت، مافی جووڵانەوەت لەچوارچێوەی شاری نۆیمنستەرت دەبێت.
وەئەگەر بێت و دەزگای کاروباری بێگانە بڕیاری ناردنتی بۆ کەمپە دا، ئەوا بەزووترین کات لەگەڵ موحابی یەکەت لەو بارەیەوە قسە بکەو نەسیحەتی لی وەربگرە.

## چی لەوێ ڕوودەدات و وەئەبێت هەڵس وکەوتت چۆن بێت؟

1- دەزگای کاروباری بێگانە ،داوای وەرگرتنی تۆی لەو کەمپە بەکۆمەڵەی لە کاربەدەستانی ئەو جێگەیە کردووە.

7- ئەگەر بێتو دەزگای کاروباری بێگانە ڕازی بوو لەسەر داواکە، ئەوا لەلایەن کاربەدەستانی ئەو جێگایەوە تەرمینێکی تەحقیق کردن لەگەڵدا بۆ دەنێردرێ.
بۆ ئەو تەرمینە دەتوانی کەسێکی خۆت یاخود برادەرێکت وەکو شاهێد لەگەڵ خۆ بەری، یائەوەتا دەتوانێ موحامی یەکەت لەگەڵدا بێت.
بەڵێ لەوێ پرسیەرت لێ دەکرێ کە بەسەربەخۆیی خۆت دەبێت ئەڵمانیا بەجێبهێڵی،
بەئایا ئامادەی بۆ ئەم کارە، بەهەوڵی ئەوە دەدەن کە هەندێ کاغەزت پێ ئیمزا بکەن.

3- وەئەگەر بڵێیت کە تۆ ئامادەنیت ئەوا دوای ماوەیەک نامەیەکت بۆ دەنێرن و تیایدا ڕێژی ئامادەبوونت بۆ ئەو کەمپەت بۆ دەست نیشان دەکەن، لەم کاتەدا خۆت یان موحامی یەکەت ماوەی 4 حەفتەتان هەیە وەڵامی یان پێنچی(ئیعتراز) لەو داوایە بکەن.

4- ئنجا لەو کاتەدا لە سەر ئاوسفایزەکەت دەنوسرێ کەتەنها لە چوارچێوەی شاری نۆیمنستەر بۆت هەیە بژیت یابجوڵێیتەوە( ئامادەکراوی بۆ سەفەرپێکردنت).

5- لەسەراتاوە کەدەگەیتە ئەوێ، دەبێ لەدەرگاکە بڵێیت کە پێویستیم بە کەسێکی چاولێکەر(بترۆیە) هەیە لەلایەن دەزگای خاجی سووری ئەڵمانی یەوە،ئەمەش مافێکی ڕەوای

خۆته. ئنجا دەتوانی لەگەڵ ئەو کەسەی خاجی سوور هەموو پرسیارێک و ڕوون کردنەوەکی خۆتی لێ بکەی.

6- ئێمە نامانەوێت کاریا تەئسیر لە بۆچوونی تایبەتی خۆت بکەین بەڵکو تەنها دەمانەوێت بۆتی ئاشکرابکەین کە چ جۆرە زەختێکی زۆرت لێ دەکرێ لەو تەحقیقەی کە دەزگای کاروباری بێگانە لە گەڵتا دەیکا، وە چۆن دەبێت ئاگاداری خۆت بیت.

بۆ زانیاریت: چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە خاجی سووری ئەڵمانی یەوە

ڕۆژانە لە کاتژمێر 7 ی سەلەبەیانی یەوە تا 8 ی شەو بەم ژمارە تەلەفۆنە دەتوانی پەیوەدی یان پێوە بکەی> 04321-974400

7- دەزگای کاروباری بێگانە لەوەنەیە هەوڵ بدات تەرمینێکی لەناکاوت بۆ دابنێ کەکاتت نەبێت خۆت ئامادە بکەی بۆ یەو تەحقیقە، کەتیایدا هەوڵ دەدرێ بەخێرایی قەناعەتت پێ بهێنریت کە ئەوراقی سەفەرت پێ ئیمزا بکەن، وە لەوانەیە لەچەندلایەکەوە زۆرت لیبکەن و بترسێنن> بەڵام تۆ دەبێ نەترسی و بڵییت کەدەتەوێ لەگەڵ کاسێکی دائیرەی خاجی سوور قسەبکەی، بەم شێوەیە دەزانن کەتۆش بێ کەس نیت.

بۆیە دەبێت ئەو بڕیارەت زۆر لەسەر خۆیی وەرگریت و کەس بۆی نی یە زۆرت لێبکات.

وەهەوڵ بدە لەدائیرەی خێرخوازو کەسو کارت یان مەحامی یەکەت ئامۆژگاری وەربگری.

لەژێر ئەم ناونیشانی ئینتەرنێتەی خوارەوە دەتوانرێ ناوەڕۆکی ئەم نامەی زانیاری یە بە گەلێ زمانی بخوێندرێتەوە،

(www.frsh.de)

.بۆ زانیاریت: ناوەڕۆکی ئەم نامەیەی سەرەوە لەلایەن موتەرجیم( شەماڵ زەنگەنە)  لە ئەڵمانی یەوە تەرجومە کراوە.